کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-10-2007 0:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مایکل ولفی سیکتر... نووسەری ئەمریکی لە دایکێکی مەسیحی و باوکێکی جوولەکە موسڵمان دەبێت... سایە فارس**

گەشتە ئیمانیەکەی کە نوسەری والیّ کرد بێتە باوەشی ئیسلامەوە جیاوازە لەو ڕووداوانەی پێشتر ڕوویان داوە، بەچاوخشاندن بەم گەشتە ئیمانیەدا کە سێ ئاینی ئاسمانی نوێنەرن تێیدا... دایکی مەسیحی.. باوکی جوولەکە... نووسەریش خۆی موسڵمان.

مایکل سیکتر دەیزانی هەرچەند هێز بەکاربهێنیّ ناتوانیّ بگاتە (کەعبەی پیرۆز) لە مەککە تا نەبێتە موسڵمان چونکە سەردانی کەعبە بۆ ئەوانەی موسڵمان نین قەدەغەیە هەتاوەکو دەبنە موسڵمان.

سیکتر کتێبێك بەناوی (الحج الى المكه) لە بارەی گەشتە ئیمانیەکەی بە زمانی ئینگلیزی دەنووسێت و تیایدا وەێفی گەشتەکەی کردووە بە ووردی و هەموو ئەو لایەنانەی تایبەتن بە دروشمی حەجەوە دەخاتە ڕوو.

مایکل سیکتر لە کتێبەکەی دا تەمسیلی چوونە ژوورەوەی (ریچارد بولتون) بۆ ناو کەعبەی پیرۆز دەکات و بە کارێکی ئازایانە و قارەمانانە باسی دەکات چونکە ئەگەر موسڵمانان بە فێڵەکەی بزانن دەیکوژن، بەڵام پێویست ناکات مایکل بە شاراوەیی بێتە ناو کەعبەوە بە دەوری کەعبەدا تەواف بکات، چونکە ئەو موسڵمانێکی دڵسۆزە بۆ ئاینەکەی وەك هەر موسڵمانێکی تر لە و شارە پیرۆزەدا.

ئەو وازی لە دینی دایکی کە مەسیح و دینی باوکی کە جوولەکەیە هێناوە لەبەر ئەوەی موسڵمان ببێت، شارەوەیی و نارونی لە دینی مەسیح و ئەو سریەیەی قەشەکان دەورەیان داوە، هەروەها ئەو ئالۆزی شارەوەییەی جوولەکە وایان لە مایکڵ کرد دووربکەوێتەوە لێیان و دینی ڕوون و پڕ نووری ئیسلام هەڵبژێریّ.

گەورەترینەلە پێشوازی و دینی خوای گەورەیە بۆ هەموو کەسێك، بۆیە ئاینی ئیسلامی هەڵبژارد کە یەك دەستوور و سەرچاوەی هەیە ئەویش کتێبی خوای گەورە کە (قورئانی پیرۆزە) و سوننەتی پێغەمبەرە (ێلی الله علیه وسلم) .

قورئانی پیرۆز دژایەتی ناکات لەگەڵ زانست و ئەو کارو ڕووداوو بابەتانەی پەیوەندی بە دروستکراو و فەلەك و گەردوونەوە هەیە.

مایکڵ دەڵێت کاتێك بە یەکی لە هاوڕی موسڵمانەکانم ووت دەربارەی ئەوەی لە دایکێکی مەسیح و باوکێکی جوولەکەوە موسڵمانم هەڵبژاردووە زۆر سەری سوڕماو ووتی تۆ هەموو شتێکت کۆکردووەتەوە، مەبەستی (کۆکردنەوەی هەرسێ ئاینە ئاسمانیەکان بوو لە کەسێك دا) . کەوای لێکردووە بە کەسێکی دوور لە خۆ بەگەورە زان دابنێ بەڵکو بە پێچەوانەوە.

هەروەها دەڵێت: من چەندین ساڵە ئەوەم ڕوون کردووەتەوە کە کەسێکی ئاسایی بووم وە بۆماوەم لە دایکێك و باوکێك بووە لە دوو ئاینی ئاسمانی جیاواز، بۆم دەرکەوت کێشە لەگەڵ (عیسا و موسا) (سەلامی خوایان لێبێت) نی یە، من ژیانم لەگەڵ ئەو دوو ئاینەدا گەشتبوە لوتکە بەڵام لە ناخم دا دەنگێکی ڕاستەقینە بانگی دەکردم بۆ ئەوەی ئاینەکەم بگۆڕم سوور بوو لەسەر هیدایەت وەرگرتنم.

دوای موسڵمان بوون بیری لەوە کردووە کە دەبێت ڕوکنی پێنجەمیش بەجێ بهێنی کە یەکێکە لە ئەرکانەکانی ئیسلام ئەویش حەج کردنە بۆ ئەوانەی ئەتوانن پێی هەستن، ئەم ڕوکنەش لە دوای ڕوکنەکانی (شەهادەت بە تەنهایی خوای گەورەو محمد پێغەمبەری خوایە (د. خ) و نوێژ و ڕۆژوو زەکات) دێت. بۆیە بڕیاری دا کە سەفەری حەج بکات و دەڵێت: دەستم کرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو کارە گرنگە و ماڵەکەمم بە جێ هێشت کە لە کالیفۆرنیا بوو.

مایکل سیکتر لە کالیفۆرنیاوە بۆ سعودیە نەچوو یەکەم جار بە لکو بۆ ووڵاتی مەغریب بوو. باس لەوە دەکات کە چۆن هەستێکی هەبووە کاتێك گەشتووەتە مەغریب و لە ناو کۆمەڵێك مەغریبی کە بۆ حەج

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆیان ئامادەکردووە و دەڵێت: لە مەراکش دەستم بە وامەڵانەی کە پێویستن بۆ حەج ئامادەکرد بە پێی یاسا و زانیاری دینە تازەکەم...
لە مەراکیش ماوەیەکم بەسەر برد هەتاوەکو لە ڕێیەوە فێری ئاداب و مەناسکەکانی حەج ببم، مامەڵەی موسڵمانان بۆم زۆر باش و دڵسۆزانە بوو، هەروەها زۆر بەخشندە بوون لەگەڵم.
بۆیەکەم جار کە چوومە مەککەی پیرۆز لەگەڵ نزیکەی (300) هەزار مووسڵمان کە بۆ حەج کردن هاتبوون بەیەکەوە و لەیەك کاتدا تەوافیان دەکرد هەستم بە هیچ نەدەکرد بێجگە لە وەی کە هەستم بە ترس دەکرد، سەرەڕای زۆری ئەو ژمارەیەی موسڵمانان بێدەنگی یەك ئەو شوێنەی داگرتبوو هەستت بە قەڵەباڵغی و پاڵ نان نەدەکرد. لە کتێبەکەیدا باس لەو مەشهەدە جوانە دەکات کاتێك بە و کەش و بارووذۆخە ڕووحانیە بەرزەدا هەیبوە لە کاتی حەج کردنەکەیدا، هەروەها وەسفێکی ووردی کەعبەی شەریف و ئەو هەستە پیرۆزانە دەکات تا بتوانێ لە ڕێیەوە وێنەیەکی تەواو و ڕاستی ئەو ماڵە گەورەیە بە ناموسڵمانان بگەیەنێ بە تەرکیز کردنە سەر تەواف و ئەو حەوت خولەی بە دەوری کەعبەدا دەکرێ.
بەڵام ئاواتە خواز بوو کە ڕێی پێ بدرێ هەتا بتوانی ناو کەعبە ببینێ.
گەشتی حەج بۆ مایکل سیکتر ئەو گەشتە ئیمانیە بۆ ئەو ئاوات و ئارەزوویەکی سەرەکی بووە کە زۆر چاوەڕێی کردووە، ئەوەش بەدی هات دوای موسڵمان بوونی.
مایکل پاش دراسەیەکی باش و لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن لە نێوان ئاینەکان دا ئاینی ئسیلامی هەڵبژارد و دڵنیا بوو لە ڕاستی... ئەو ئاوات و شەوقەی بۆ سەردانی ماڵی خوای گەورە هەیبوو بۆی هاتەدی.

سەرچاوە : nlpnote

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.